

لەش و بوون
لە فەلسەفەی
مێرلۆپۆنتیدا

د. ئەحمەد محەمەد پور *

مێرلۆپۆنتی فەیلەسووفی فەرەنسیی یەکێکە لە لایەنگرە بەناوبانگەکانی ڕوانگەی دیاردەناسی ئێگزیستانسیال . مێرلۆپۆنتی لەگەل دۆستێ و هاوڕێی خۆی ژان پۆل سارتەر لە جیلی ئەو بیرمەندە فەرەنسییە گەنجانە بوون، کە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، دیاردەناسی ئەدمۆند هۆسرڵ و مارتن هایدیگەریان هێنایە ناو کەشی فەلسەفی فەرەنسیی.گرنگترین بەشداری مێرلۆپۆنتی خوێندنەوەی دیاردەناسانەی چەمکی «هەستپێکردن »ە کە ڕۆڵی «لەش » یان تەن وەکو کۆڵەکەی جیهانی هەستپێکراو زەقدەکاتەوە. ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە کتێبێ «پێکهاتەی کردەوە » لە ساڵی (١٩٤٢) لە لایەن مێرلۆپۆنتی باسی لەسەر کرا، پاشان بەوردی لە کتێبی «دیاردەناسی هەستکردن » لە ساڵی (١٩٤٥)لێی دواوە. کتێبی دیاردەناسی هەستکردن گەورەترین و گرنگترین

بەرهەمی فەلسەفیی مێرلۆپۆنتییە.

مێرلۆپۆنتی لەسەر کۆمەڵێکی بەربڵاو لە بابەتەکانی وەک دەروونناسی، هونەر، زمان، مێژوو و سیاسەت تێشی کردووە. لە ڕوی سیاسەتەوە، باوەری بە مارکسیزمێکی لە شێوەی بۆچوونی سارتەر بوو. ڕەنگ و بۆنی فەلسەفەی دوانری تەو کەمتر تەزمونی و زیاتر هزریانە بووە. مەبەستی سەرەکی مێرلۆپۆنتی لێکدانەوی بوونناسی نادوتالیستی تەزموونی پێش تێۆریکیی بوو، وانە تەزمونی پەتی و ڕەسەنی مرۆڤ پێش تەوەی کە لەگەڵ هیچ بیرۆکە و هزرێکی تێۆریکی تێکەڵاو بێت.

تاشنابوونی مێرلۆپۆنتی لەگەڵ دیاردەناسی تالمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٩)کە لە محازرە و سێمینارەکانی هۆسرڵدا بەشداریدەکرد. تەم سێمینارانەی هۆسرڵ دوایی بە ناو کتێبی «ڕامانەکانی دیکارتی» بڵاوبوونەوە. مێرلۆپۆنتی هەروەکو سارتەر لە ڕێگەی دیاردەناسی هێرمێنۆتیکی هایدیگەر کەوتە ژێر کاریگەری هۆسرڵ، بەڵام هاوکات لە جیاوازیە بنەڕەتییەکانی نێوان ڕوانگەی هۆسرڵ و هایدیگەر تاگادار بوو و لەفەلسەفەی کۆتایی تەمەنی خۆیدا، هەوڵیدا تەم دوو ڕوانگە ڕێکبخات و پێکەوە تاشتیان بکاتەوە.

کاکڵی فەلسەفەی تێگزیستنسیالیزمی مێرلۆپۆنتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی چەمکی «لەش بەبەرداکردنی » مرۆڤ؛ تەم وشەیە نە تەنیا بە شێوازێکی کورت و تەسک لە لایەن زۆربەی تێگزیستانسیالیستەکان باسی لێکراوە، بەڵکو لە تەرێتی فەلسەفەشدا لەبەر چاو نەگیراوە. وشەی «لەش بەبەرداکردن» لە کتێبی دیاردەناسی هەستکردن بە وردی شیکراوەتەوە. لە سەرەتادا، پێویستە لەش وەکو بابەتێکی زانستی کە جێگەی بینین و لێکدانەوەیە (وانە لەشی عەینی) لە لەش وەکو سووژەی تەزمون (وانە «لەشی دیاردەیی » یان «لەشی ژینکراو ») جیابکرێتەوە. لەشی ژینکراو بە گشتی لە خوارەوەی تاستی تاگامەندی تاشکرا و لە سەرەوەی تاستی ڕەنگدانەوەی نائیرادی فیزیۆلۆژیکالدا جێگیر دەبێت، وانە جۆرێک تاگامەندی پێش ڕەنگدانەوەییە کە تاکێک لە دۆخی کاتی و شوێنی خۆیدا هەیەتی. بۆ نمونە تەمن بە بێ بیرکردنەوە (ڕەنگدانەوەی جیاوازی جیهان لە زەینی خۆمدا) دەزانم کە کتێبەکانم لەسەر مێزەکەم و لەبەر دەستمدا دانون و پێویستە چەند هەنگاو هەڵێنم تا بچم و هەڵیان بگرم. مێرلۆپۆنتی تەو «بیرۆکە»، «خوو»، «نیەت» و «ئێرامانە» پتی و بەئێم نەکراوانە کە یارمەتیدەری تاکەکانن بۆ ناسینی جیهانی کات و شوێنی دەوروبەرمان بە چەمکی «کۆگیتۆی بێدەنگ » یان «نیەتمەندی کردەکەر » ناوزەد دەکات کە خۆیشی لە هۆسرڵ وەریگرتبوو. بە ڕای مێرلۆپۆنتی هەرکات سروشتی لەش بەبەرداکردن ڕووبکرایەوە، دەردەکەوێت کە هەستکردن نانوانێت نە کاردانەوەیەکی فیزیۆلۆژیکالی پەتی (وانە، وەرگرتنی هاندەری هەستی) بێت و نە کردەیەکی ڕەوانی پەتی(وانە، تێکەڵاوێک لە کوالیتیەکانی هەست لە مێشکدا)، بەڵکو تێگەشتنی کتوپڕی وانایە لە ڕێگەی ناوەنجی بێدەنگ و بێهەرای لەش. مانا بۆخۆی لەسەرەتادا سروشتیکی هەستپێکراو و ژین پێکراوی هەیە نە چەمکی و زمانیانە.کاتێک گوێمان لە مۆسقایەکی خەمبار دەبێت، یان شوێنێک بە جێگەی مەترسی دەزانین، تەنجا لە مانای ژینکراو بە شێوەیەکی تەواو لەشیانە تێدەگەین و خەم و مەترسی بە بیرۆکەیەکی تەنیا مێشکی دانانێین. هەروەها ناکرێت مانای هەستپێکراو لەڕێگەی نۆخمەکانی هەستی خۆی شیبکەینەوە. لەوانەیە دەنگ و هەست و مانای تەم مۆسیقایە کاتێک کە بێژەرەکەی دەبینین بگۆڕدرێت. مێرلۆپۆنتی بە پێڕەوی لە «دەروونناسی گشتاڵت » دەڵێت کە سادە و ساکارترین تۆبژەی هەستکردن پێویستی بە پێوەندی نێوان بەستین و شکڵ هەیە، بۆیە پێداگری دەکات کە مانای هەستپێکراو بەردەوام دەرتەنجامی گرێدانی تۆبژەکان و کوالیتی تۆبژەکانە و ناکرێت بە

مەبەستی فەلسەفە، دەبێ چەقاندنی دووبارەی ریشەکانی زەین لە لەش و جیهان دابێت، نەک تەوەی کە ناوەڕۆکی زەین لە ڕێگەی جیاکردنەوەی لە نۆخمە پێکهێنەرەکانی لەش ڕون بکاتەوە

ئاسانی ڕەچـاوی نەکەین. لێرەدا چەمکی «وانـای هەستی » تەنۆمی (وانە، بەردی بناغەی هەستکردن) پتر چەمک و پێکهێنراوێکی نیۆریکییە ئاکو کەرەسەی ڕاستەقینەی ئەزمون.

مێرلۆپۆنتی جەخت لە ئێزی پێشڕبوونی هەستکردن دەکاتەوە، کە ڕیشەی لە چەمکی «ژیانە جیهانی » هۆسرڵ دایە. لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکەیە، هەستکردن لـە ڕوی بوونناسانە و مەعریفەناسانە پێشتر لە ئەزمونی مرۆڤە وەرزی زانستی و فەلسەفی لەسەر ئێگەیشتنی هەستکردنی پێشینانە «دامـەزراوە». مێرلۆپۆنتی وەکو هایدیگەر پێیوایە کە فەلسەفە ناتوانێت نکۆڵی لە پێدراوی جیهانی هەستکراو بکات و جێگەی ململانێی ریالیزم و ئایدیالیزمیش نییە. «جیهانی هەستپێکراو بە ئاسانی لـــەدەرەوەی]ئێمەیە[، لە پێش منداا،...لە خـوارەوەی ئاستی هەڵەیی یان دروستی ساخکراوەدا»یە (١٩٤٥، لاپـەرەی ٣). چۆن زانست و فەلسەفە دەبێت دان بە ئەزمونی هەستکراو دابنێن، ناتوانن وەکو سەرچاوەی ڕاستەقینە پەسەند بکرێن، بەڵکو ئەنیا شێوازێکی جۆراوجۆرن لە دڕکاندنی سێمبۆلێکی کە دەنگ بەبەر «زمانی بێدەنگی » هەستدا دەکەن، هەر بۆیە مەبەستی فەلسەفە، دەبێ چەقاندنی دووبارەی ریشەکانی زەین لە لەش و جیهان دابێت، نەک ئەوەی کە ناوەڕۆکی زەین لە ڕێگەی جیاکردنەوەی لە نۆخمە پێکهێنەرەکانی لەش ڕون بکاتەوە.

لە بۆچوونی مێرلۆپۆنتی سەبارەت بە هەستکردن وەکو ئێکەڵبوونی بەلەشکراو لە جیهاندا شوێنەوارێک لە دڵـەڕاوکێ و ڕەسەنبوون نییە، کە زۆربـەی ئێگزیستانسیالیستەکان باوەڕیان پێیە، بەم حاڵەش ڕوانگەی مێرلۆپۆنتی بەرانبەر بە «ئاگامەندی وەکو ئازادی ڕەها » ئالێرنانێتێکی گرنگە بۆ چەمکی «ئیرادەخوازی » سارتەر. لە دوایـن بەشی کتێبی دیاردەناسی هەستکردن، مێرلۆپۆنتی لـە هەڵوێستی ســارتـەر ڕەخنە دەگیرێت و دەڵێت کە لە ڕوانگەی سارتەر ئاگامەندی لە لایەن پێشهانە فیزیاییەکان، کۆمەڵگە و ڕابردو لە ئاستی لەش دێنە دەرێ و فشاری لەسەر لادەچێ، بەڵام بەلەشبوون مەرجی پێویستی ئازادییە چونکە بەبێ ڕوانگەیەکی لەشی، ئاگامەندی لە جیهاندا بێوچان دەسووڕێنەوە و ئیرادەی خۆی دادەسەپێنێ و لە لایەن شتەکانەوە هیچ «بەرگرییەک» بەردەڕوی نابێنەوە. بۆ ئاگامەندییەکی وەها، هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک بەشێوەیەکی هاوسەنگ «ئـازاد»ە، ئەنانەت بیرۆکەی ئازادیش بێ وانا و ئاڵۆز دەبێنەوە. مێرلۆپۆنتی لە جیانی ئازادی ڕەهای سارتەر، چەمکی «ئازادی سەر بە دۆخ »ی داهێناوە. لەسەر بنەمای ئەم چەمکە، کردەی ئازاد بریتیە لە «گۆڕینەوەی » نێوان «خۆ » و «جیهان»ێک کە خۆ ئێیدا هەنگاو دەنێت و مانا پێشووەکانی خۆی هاوسەنگ دەکات، بەڵام بێ بایەخیان ناکات و ئوریان ناداتا. بیر و بۆچوونی مێرلۆپۆنتی سەبارەت بە ئازادی لە جۆری ئێگەیشتنی ئەو لە جیهانی هەستپێکراو وەکو مەیدانی ڕێنێچوونەکانی هەبوو سەرچاوە دەگرێت، کە لەش لە ناویاندا ئیش

سارتەر

دەکات و دەڕێـت، هەروەها لەسەربنەمای «ناڕوونی » هەستکردن وەستاوە کە بە پێی ئەو ئێڕوانینە سنووردکانی نێوان خۆ و جیهان و خۆ و ئەویتر گەڕۆک و دیارینەکراوون، هەروەها مێرلۆپۆنتی سەرنجێکی نایەنی داوە بە پرسیارە سیاسیەکان، بەنایەت بە ڕووتکردنەوە و شیکردنەوەی نێوزی مارکسیستی بە پێی رووداوەکانی سەردەمی خۆی.

سەرنجیدان بە مارکس لە لایەن مێرلۆپۆنتیەوە (هەروەک سارتەر) لەسەر بنەمای گۆڕانکاری سۆسیالیستی کۆمەڵگە بوو. هاوکات گومانکردن لە بانگەشەکانی مانێریالیستی و ڕێداکسیۆنیستی مارکس کە نکۆڵی لە ڕاستی ئازادی مرۆڤ دەکات، هۆکارێکی دیکەی سەرنجدانی مێرلۆپۆنتی بە مارکس بوو. مێرلۆپۆنتی ڕەخنەگرێکی نوند و تێژ بوو بەرانبەر بە مارکسیزم و بە نایەت ئەم بۆچونەی مارکس کە دەڵێت «دیالێکتیکی مێژوو بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پێش چالاکی و هەڵبژاردنی مرۆڤ دەجوڵێنەوە». وتارەکانی مێرلۆپۆنتی لەسەر سیاسەت لە دوو کتێبی «هەستـ و ناهەستـ » (١٩٤٨) و «تۆمانیزم و تیرۆر »(١٩٤٨) بڵاو کراونەتەوە.

لە ساڵی (١٩٥٠) مێرلۆپۆنتی لە تۆردوگاکانی سۆڤیەت ئاگاداری پەیدا کرد و بە پێوەندی خۆی لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆمۆنیستـ کە بەخاتری ئەوان ڕێزی بۆ سۆسیالیزم دادەنا، کۆتایی پێهێنا. لە (١٩٥٢) پێشبینیکرد کۆریای باکور کە لە ژێر کاریگەری سۆڤیەت دابوو، شەڕی کوریا هەڵدەگریسێنێ. لە (١٩٥٥) مێرلۆپۆنتی کتێبی «بەسەرهاتەکانی دیالێکتیکی » نووسی کە ڕەخنەیەک بوو لە تیۆری مارکس سەبارەت بە مێژوو. هەر لەم کتێبەدا، مێرلۆپۆنتی وێڕای شیکاری ئێر و ئەسەلی ڕوانگەی مارکس، خوێندنەوە و ڕاڤەی سارتەریشی لەسەر مارکس ڕەتکردەوە.

پەراوێزەکان

Maurice Merleau-Ponty
Existential Phenomenology
Perception
Body
The Structure of Behavior
Phenomenology of Perception
Nondualistic Ontology
Human Embodiment
Phenomenal body
Lived Body
Prereflective

ئەو (Nonthematized) - مەبەست لە بە تێم نەکراوی زانیاری، هزر و بیرۆکانەن کە مرۆڤ پێش هەڵوێستوەرگرتنی تیۆریکی هەیەتی و هێشتا بابەتی و پۆلێنبەندی نەکراون و پەتین.

Tacit Cogito
Operative Intentionality
Medium
Perceptual
Bodily
Gestalt Psychology
Context
Sense Meaning
Life World
Givenness
Silent Language
Consciousness as Absolute Freedom
Voluntarism
Situated Freedom
Exchange
Self
Ambiguity
Other
Sense and Non-Sense
Humanism and Terror
Adventures of the Dialectic

*دکتۆرای کۆمەڵناسی و مامۆستای میتۆدناسی زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر